walamakan.com

# ئاهەنگگێڕان

# بەبۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەر ﷺ

## - گومان و وەڵامەکان -

# الاحتِفالُ بالمَولِدِ النَّبويِّ

## شُبهاتٌ ورُدودٌ


نوسینی

عَلَوي بن عبدالقادر السَّقَّاف

سەرپەرشتیاری گشتی

مؤسَّسة الدُّرر السَّنية

بسم الله الرحمن الرحیم

# پوختەیەک سەبارەت بەم کتێبە:

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و شەرعیی وردە کە تیشک دەخاتە سەر حوکمی ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی مەولوودی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).

گرنگیی ئەم بەرهەمە لەوەدایە کە بە شێوازێکی هێمنانە و پشتی بەستوو بە بەڵگە، وەڵامی ئەو گومان و پاساوانە (شوبهە) دەداتەوە کە زۆرجار وەک بەڵگە بۆ دروستێتی ئەم کارە دەهێنرێنەوە.

ئەم نوسینە بە پلەی یەکەم بۆ ئەو کەسانە سوودبەخشە کە خاوەنی دڵێکی پاك و عەقڵێکی فراوانن؛ ئەوانەی بەدوای حەق و ڕاستیدا دەگەڕێن و دوورن لە دەمارگیری (تەعەسوب) و شوێنکەوتنی کوێرانەی دابونەریت و باوباپیران.

خوێنەری ژیر زۆرترین سوود لەم کتێبە دەبینێت، چونکە نووسەر لە شیکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەکانیدا تەنها پشتی بە دەقە ڕوونەکانی قورئانی پیرۆز، و سوننەتی سەحیحی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، و تێگەیشتنی پێشینە چاکەکارەکانی ئەم ئوممەتە (سەلەفی ساڵح) بەستووە.

لە کۆتاییدا، ئەم وەرگێڕانە پەیامێکی ڕوونە بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت خۆشەویستیی ڕاستەقینەی خۆی بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بسەلمێنێت؛ کە بە دڵنیاییەوە ئەو خۆشەویستییە تەنها لە ڕێگەی گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی سوننەتەکەیەوە دەبێت، نەک لە ڕێگەی داهێنان و بیدعە لە ئاییندا.

بۆیە هەر کەسێک پێوەرەکەی قورئان و سوننەت بێت، بێگومان حەقیقەتی ئەم بابەتەی بۆ ئاشکرا دەبێت و سوودێکی گەورەی لێ دەبینێت.

ستافی وەرگێڕ

# پێشەکی نوسەر

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان، ئەو خوایەی لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ﴾[1]

درود و سەلام لەسەر گەورە و پێشەوا و خۆشەویستمان، خۆشەویستی پەروەردگارمان و تریفەی چاومان، تکاکارمان لە ڕۆژی دواییدا، موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا (صلى الله عليه وسلم)، هەروەها لەسەر خانەوادە و هاوەڵانی و هەموو ئەوانەی تا ڕۆژی دوایی شوێن ڕێبازەکەی کەوتوون.

پاشان:

یەکێک لەو شتانەی کە خەڵکی لە سەدەکانی دواییدا و پاش تێپەڕبوونی سێ سەدە زێڕین و پیرۆزەکە دایانهێناوە،

---

[1] [المائدة: ٣].

بریتییە لە: ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم). لە کاتێکدا لە سەردەمی هاوەڵان و تابیعین و ئەوانەشی لە دوای ئەوانەوە هاتوون، هیچ کەسێک یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) نەکردووەتەوە؛ نە هاوەڵە چاکەکارەکانی، نە ئەو زانا و پێشەوا بەڕێزانەشی کە دوای ئەوان هاتوون و خەڵکی شوێنیان کەوتوون. نە پێشەوایانی فیقهی وەک ئەبوحەنیفە و مالیک و شافیعی و ئەحمەد، نە زانایانی فەرموودەناسی وەک بوخاری و موسلیم و کەسانی دیکەش.

بەڵکو ئەم ئاهەنگگێڕانە داهێنراوە (بیدعەیە)، لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچیدا سەری هەڵداوە. یەکەم کەسیش کە ئەم کارەی داهێنا، ڕافیزە عوبەیدییەکان بوون (ئەوانەی بە درۆ و چەواشەکاری

ناویان لێ نراوە فاطیمییەکان). ئەمەیان لە هەمان ئەو ساڵەدا داهێنا کە کۆمەڵێک داهێنراوی دیکەیان بۆ ڕۆژی عاشوورا دروست کرد، وەک: سینەکوتان، ڕوومەت ڕنین، سەرقاشکردن و چەندین داهێنراوی دیکە، ئەوەش وەک دەربڕینی خەم و پەژارە بۆ کوژرانی حوسەینی کوڕی عەلی (ڕەزای خوایان لێ بێت).

ئەمەش ڕاستییەکی مێژووییە و هیچ کەسێک نکوڵی لێ ناکات مەگەر کەسێک نەفام و نەشارەزا بێت بە مێژوو؛ چونکە (المَقريزيّ) کە لە ساڵی ٨٤٥ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە، لە پەڕتووکەکەیدا بە ناوی ((الخِطط)) (٤٣٦/٢) ئەمەی تۆمار کردووە، و تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەوان چەندین یاد و ئاهەنگی داهێنراویان دروست کردووە؛ لەوانە: یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، یادی لەدایکبوونی عەلی و فاتیمە

و حەسەن و حوسەین، لەگەڵ چەندین یادی دیکە، تا وای لێهاتووە بیست و حەوت جۆر ئاهەنگگێڕانی بۆ ژماردوون، بەڵام سەرجەم ئەم یادانە لەناوچوون لەگەڵ ڕووخانی دەوڵەتی عوبەیدیدا لە ساڵی ٥٦٧ی کۆچیدا، لەسەر دەستی سەلاحەددینی ئەییووبی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت).

پاشان سۆفییەکان لە دوای ئەوەوە، بیدعەی ئاهەنگگێڕانیان بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) زیندوو کردەوە، و ڕافیزەکانیش بیدعەکانی ڕۆژی عاشوورایان سەرلەنوێ هێنایەوە کایەوە، ئەم بیدعانەش تاوەکو ئەمڕۆمان هەر بەردەوامن.

کاتێکیش بەلای هۆگرانی ئاهەنگگێڕانی مەولوودەوە قورس بوو کە یەکەم کەسی داهێنەری ئەم کارە کەسێکی

ڕافیزەی پیس بێت، هاتن ئیدیعای ئەوەیان کرد کە گوایە یەکەم کەس ئەمەی داهێنابێت، سوڵتان (المظَفَّرُ أبو سعید کوکبری) بووە، کە لە ساڵی ٦٣٠ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە. ئەم قسەیەیان دایە پاڵ (ئیبن کەسیر) (٧٧٤ی کۆچی) لە پەڕتووکەکەی بە ناوی ((البدایة والنهایة)) (١٣٦/١٣- ١٣٧)، بەڵام ئەمە دوورە لە ڕاستییەوە؛ چونکە دەقی قسەکەی (ئیبن کەسیر) بەم جۆرەیە: (وکان یَعمَلُ المولِدَ الشریفَ في ربیعٍ الأوَّل، ویحتفِلُ به احتفالاً هائلاً)، واتا: (لە مانگی ڕەبیعولئەوەلدا مەولوودی پیرۆزی دەکرد و بە شێوەیەکی گەورە ئاهەنگی بۆ دەگێڕا). کەواتە (ئیبن کەسیر) نەیگوتووە ئەو یەکەم کەس بووە کە مەولوودی داهێناوە، بەڵکو تەنها گوتوویەتی کە ناوبراو لە مانگی ڕەبیعولئەوەلدا ئەو ئاهەنگەی گێڕاوە.

دووەمین ڕاستیی مێژوویی کە بە هیچ شێوەیەک هەڵگری گومان نییە، ئەوەیە: تاوەکو ئێستا ئەوە نەسەلمێنراوە کە دوانزەی ڕەبیعولئەوەل ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بێت، بەڵکو ڕای ڕاستتر و دروستتر ئەوەیە کە ئەو بەروارە ڕۆژی لەدایکبوونی نییە. بەڵکو ئەوەی جێگیر و سەلمێنراوە و زۆربەی مێژوونووسان لەسەری کۆکن، ئەوەیە کە ئەو بەروارە ڕێکەوتی کۆچی دواییەتی (صلى الله عليه وسلم)، کە دەکاتە ڕۆژی دووشەممە، و لە ڕۆژی سێشەممەشدا بە خاک سپێردراوە، دایک و باوک و گیانم بە قوربانی بێت. پاشان ئەم ئاهەنگگێڕانە لە سەرتاسەری زەویدا بڵاو بووەوە، و هەندێک لە زانایان و ئامۆژگاریکاران بە کارێکی باشیان دانا؛ لەبەر ئەوەی باسی ژیاننامەی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) تێدا دەکرا.

شەیتانیش چەواشەی کردن و سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم یادە و بێگەردیی سەدە زێڕینەکانی لەم بیدعەیە لێ لەبیر بردنەوە؛ بۆیە دەستیان کرد بە هێنانەوەی بەڵگە بۆ دروستیی کارەکە، بگرە بۆ ڕەوایی و پەسەندییەکەی، ئەویش بە کۆمەڵێک بەڵگەی بێسەروبەر کە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندییان بەم ئاهەنگەوە نەبوو! زانایانیش لێیان هاتنە دەنگ بۆ ئەوەی بەڵگە و گومانەکانیان پووچەڵ بکەنەوە.

وەکو سروشتی هەموو بیدعەیەکیش کە لە سنوورێکدا ناوەستێت؛ چەندین بیدعەی دزێو و کردەوەی ناشرینی دیکە تێکەڵ بەم مەولوودانە بوون، وەک: دەف لێدان، خۆبادان، سەماکردن و تێکەڵاوبوونی پیاوان و ژنان لە هەندێک وڵاتدا، لەگەڵ چەندین سەرپێچی و تاوانی دیکە. هەروەها خوێندنەوەی قەسیدەی هاوبەشدانان

(شیوک) کە تێیاندا هانا و هاوار بۆ غەیری الله تعالی دەبرێت، لەگەڵ زیادەڕەویکردن لە پیاهەڵدانی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) ڕێک وەک ئەو زیادەڕەوییەی مەسیحییەکان بەرانبەر عیسای کوڕی مەریەم (سەلامی خوای لێ بێت) دەیکەن.

لەم کتێبەدا، باسی ئەو کارە دزێوانە ناکەم کە بە ڕێژەی جیاواز لە هەندێک لەم مەولوودانەدا ڕوودەدەن، چونکە بەتەواوی ئاشکران. بەڵکو تەوەری باسەکەمان تەنها لەسەر ئەو گومانانە دەبێت کە ڕێگەپێدەرانی ئاهەنگی مەولوود دەیوروژێنن، لەگەڵ وەڵامدانەوەیان، تەنانەت ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین کە مەولوودەکە لە هەموو کارێکی دزێو و سەرپێچییەک خاڵی بێت؛ چونکە گۆڕینی ئەوەی کە الله تعالی بۆ سەر پێغەمبەرەکەی موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) دایبەزاندووە، لەگەڵ

زیادکردنی دروشم و کردەوە و خستنە ناوەوەیان بۆ ناو ئایین بە هۆی کۆمەڵێک گومانەوە کە خاوەنەکانیان ئیدیعای دەکەن، زۆر مەترسیدارترە لەو کارە دزێوانە.

# گومانەکان و وەڵامدانەوەی

## گومانی یەکەم:

بەڵگەهێنانەوەیان بەم ئایەتە کە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ ﴾[1] واتە: ئەی محمد - صلی الله علیه وسلم - پێیان بڵێ: با دڵخۆش بن بەفەزڵ و چاکەو ڕەحمەتی خوای گەورە.

جا ئیدیعای ئەوەیان کردووە کە گەورەترین دڵخۆشی، دڵخۆشبوونە بە لەدایکبوونی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، وە ئاهەنگگێڕانیش بەم بۆنەیەوە دەربڕینی ئەو دڵخۆشییەیە.

ئەمەش قسەیەکە کە هیچ یەکێک لە پێشەوایانی ئیسلام نەیانگوتووە، وە چەندە گەورەیە فەزڵ و نیعمەتی خوای گەورە بەسەرمانەوە! لەدایکبوونەکەی نیعمەتە، پێغەمبەرایەتییەکەی نیعمەتە، کۆچکردنەکەشی نیعمەتە؛

[1] [یونس: ٥٨].

ئایا هەرکاتێک خوای گەورە فەزڵ و نیعمەتێکی بەسەردا ڕشتین، دەبێت ئەو ڕۆژە بکەین بە ئاهەنگ؟!

پاشان ئەو فەزڵ و ڕەحمەتەی خوای گەورە کە لەم ئایەتەدا فەرمانی پێ کراوە دڵخۆش بین پێیان، ڕۆژی لەدایکبوونی نییە، بەڵکو مەبەست پێی قورئان و ئەو شەریعەتانەی ئیسلامە کە داییەزاندووە، هەروەک لە ئایەتەکەی پێشتردا هاتووە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدۡ جَآءَتۡكُم مَّوۡعِظَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ وَشِفَآءٞ لِّمَا فِي ٱلصُّدُورِ وَهُدٗى وَرَحۡمَةٞ لِّلۡمُؤۡمِنِينَ ٥٧ قُلۡ بِفَضۡلِ ٱللَّهِ وَبِرَحۡمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلۡيَفۡرَحُواْ هُوَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ ٥٨﴾[1] وە ڕەحمەتەکەش بریتییە لە پێغەمبەرایەتی و پەیامەکەی، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾[2] ، هەروەها پێغەمبەریش

[1] [یونس: ٥٧-٥٨].

[2] [الأنبیاء: ١٠٧].

(صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: «إنِّي لم أُبعَثْ لعَّانًا، وإنما بُعثتُ رحمةً» واتە: من نەنێردراوم بۆ ئەوەی نەفرەتکار بم، بەڵکو وەک ڕەحمەتێک نێردراوم. (رواه مسلم).

وە هیچ کام لە موفەسیرەکانی قورئانی پیرۆز ئەو مانایەیان باس نەکردووە کە ئەوان ئیدیعایان کردووە.

پاشان چۆن دەبێت ئەم مانا سەیرە لە خودی خاوەنی پەیامەکە (صلى الله عليه وسلم) شاراوە بێت؛ کە گوایە ئایەتەکە لەبارەی لەدایکبوونییەوە دابەزیبێت، کەچی خۆی (صلى الله عليه وسلم) ئاهەنگی بۆ لەدایکبوونی خۆی نەگێڕابێت و ئەم مانایەشی بە ئێمە نەگەیاندبێت؟!

سەیرتر لە بەڵگە هێنانەوەیان بەو ئایەتەی پێشوو، بەڵگە هێنانەوەیانە بەم فەرموودەیەی الله سبحانه وتعالی: ﴿فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُواْ ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٥٧﴾[١] چونکە ئیدیعای ئەوەیان کردووە کە ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی مەولوودەوە بەشێکە لە ڕێزگرتن و بەگەورەزانین و بەرزکردنەوەی پێگەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، و الله سبحانه وتعالی لەم ئایەتەدا ستایشی ئەوانەی کردووە کە ئەم کارە دەکەن!

ئەمە هەمووی لە نەفامی و چەواشەکردنی خەڵکی سادەوە سەرچاوە دەگرێت؛ چونکە لە ئایەتەکەدا هیچ بەڵگەیەکی تێدا نییە کە ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی لەدایکبوونی ئەوەوە

[١] [الأعراف: ١٥٧].

(علیه الصَّلاةُ والسَّلامُ) بە ڕێزگرتن و بە گەورەزانین بۆی دابنرێت، کە ئەمەش هەر خۆی خاڵی ناکۆکییەکەیە. هەر شتێکیش کە خاوەنەکەی گومانی ئەوەی هەبێت کە ئەمە ڕێزگرتن و بە گەورەزانینی پێغەمبەرە (صلى الله علیه وسلم)، تەنها بەو گومانەی خۆی نابێتە کارێکی دروست و ڕێگەپێدراو ؛ چونکە مرۆڤ ناتوانێت بە دەف لێدان و مۆسیقا ڕێز لە پێغەمبەر بگرێت، یان بە زیادەڕەویکردن وەک زیادەڕەویکردنی مەسیحییەکان بەرانبەر عیسای کوڕی مەریەم (علیه الصَّلاةُ والسَّلامُ) ڕێزی لێ بگیرێت، کە پێغەمبەریش (صلى الله علیه وسلم) ئوممەتەکەی لەو کارانە قەدەغە کردووە؛ کەواتە ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی مەولودیشەوە هەر دەچێتە ئەم چوارچێوەیەوە (واتە لەو کارانەیە کە نەکراون و دروست نین) .

## گومانی دووەم

بەڵگەهێنانەوەیان بەو فەرموودەیەی کە ئیمامی موسلیم لە ئەبو قەتادەی ئەنسارییەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) گێڕاویەتیەوە، کەوا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم): (سُئلَ عن صَومِ الاثنَينِ؟ قال: ذاك يومٌ وُلدتُ فيه) واتە: پرسیاری لێ کرا دەربارەی بەڕۆژووبوونی ڕۆژی دووشەممە؟ فەرمووی: ئەوە ڕۆژێکە کە تێیدا لەدایک بووم. لێرەدا ئیدیعای ئەوەیان کردووە کە ئەمە ئاهەنگگێڕانی خودی خۆیەتی بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی!

ئەمەش تەفسیر و لێکدانەوەیەکە بۆ فەرموودەکە کە هیچ یەکێک لە زانایان و ڕاقەکارە دێرینەکانی فەرموودە نەیانگوتووە؛ بۆ نموونە ئیمامی نەوەوی -کە بەناوبانگترین کەسە فەرموودەکانی سەحیحی موسلیمی

ڕاقە کردبێت- ئەم فەرموودەیەی نەکردووەتە بەڵگە بۆ ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی مەولوودی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم). چونکە سوپاسگوزاریی الله لەسەر نیعمەتی لەدایکبوونی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تەنها بە بەڕۆژووبوون دەبێت لەو ڕۆژەی تێیدا لەدایک بووە، کە ئەویش ڕۆژی دووشەممەی هەموو هەفتەیەکە، هەروەک چۆن خودی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەو کارەی کردووە و کردوویەتی بە سوننەتێک بۆ ئوممەتەکەی تاوەکو ڕۆژی دوایی بمێنێتەوە.

ئەمەش ئەو شتەیە کە عەقڵ و دەقە شەرعییەکان دەیخوازن؛ واتە دەبێت سوپاسگوزارییەکە لە هەمان ئەو جۆرە بێت کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سوپاسی پەروەردگاری پێ کردووە، نەک بە ئاهەنگگێڕان و سروود

و قەسیدە و پیاهەڵدان، کە ئەمانە شتانێکن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نە کردوونی و نە فەرمانیشی پێ کردوون، هەروەها هیچ یەکێک لە هاوەڵان و تابیعین و شوێنکەوتووانیشیان نەیانکردووە. لە کاتێکدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) سوورترین کەس بووە لەسەر سوپاسگوزاریکردنی پەروەردگاری، و زاناترینیشیان بووە بە چۆنیەتییەکەی.

ئەم سوپاسگوزارییەش ڕێک وەک ئەو سوپاس گوزارییەی الله وایە لەسەر ڕزگارکردنی پێغەمبەری خوا مووسا (سەلامی خوای لێ بێت) بە بەڕۆژووبوونی ڕۆژی عاشوورا، کە ئەوەش ئەو ڕۆژەیە کە الله تێیدا لە دەست فیرعەون ڕزگاری کرد، هەروەک چۆن پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەو کارەی کرد و کردیشی بە سوننەت بۆ ئوممەتەکەی تا ڕۆژی قیامەت.

# گومانی سێیەم

بەڵگەهێنانەوەیان بەو فەرموودەیەی کە ئیمامی ئەحمەد و ئەبو داود و نەسائی و غەیری ئەوان گێڕاویانەتەوە، لە ئەوسی کوڕی ئەوسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (مِن أفْضل أيَّامِكم يومُ الجُمُعة؛ فيه خُلِقَ آدَمُ، وفيه قُبِضَ، وفيه النَّفخةُ وفيه الصَّعقةُ؛ فأكثِروا عليَّ من الصَّلاةِ فيه؛ فإنَّ صَلاتَكُم مَعروضةٌ عليَّ... الحديثَ) واتە: لە باشترین ڕۆژەکانتان ڕۆژی هەینییە؛ تێیدا ئادەم دروست کراوە، و تێیدا گیانی کێشراوە، و تێیدا فووکردن بە صوردا دەبێت و تێیدا (الصَّعْق) ڕوودەدات: (کە بریتییە لە مردنی خەڵکی بەهۆی زۆری ترس و تۆقین لە گەورەیی دەنگەکە). ؛ بۆیە لەو ڕۆژەدا زۆر سەڵاوات لەسەر من بنێرن؛ چونکە سەڵاواتەکانتان پێشکەش بە من دەکرێن.

جا ئەوان دەڵێن: ئەگەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) سەڵاوات ناردنی دانابێت لەسەرمان لەو ڕۆژەی کە خوای گەورە پێغەمبەر ئادەمی (سەلامی خوای لێ بێت) تێیدا دروست کردبێت؛ کەواتە سەڵاوات ناردن لەسەر پێغەمبەرەکمان موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) لە ڕۆژی لەدایکبوونی خۆیدا لەپێشتر و شایستەترە، و ئیدیعای ئەوەیان کردووە کە ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی مەولوودەوە تەنها کۆبوونەوەیەکە بۆ سەڵاوات ناردن لەسەری.

ئەم کارەشیان دەچێتە قاڵبی دەستکاریکردن و ڕاستکردنەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وەک ئەوە وایە پێداچوونەوە بۆ کاری پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بکەن و کەموکوڕییەکەی پڕ بکەنەوە پەنا بەخوا.

هیچ کەسێک ئەمە ناڵێت کە خۆشەویستیی پێغەمبەر

(صلى الله عليه وسلم) لە دڵیدا جێگیر بووبێت، با بانگەشەی ئەوەش بکات. ئەگەر ئەم بەڵگەهێنانەوەیە ڕاست بووایە، ئەوا دەمانبینی هاوەڵان و ئەوانەی دوای ئەوانیش پێشبڕکێیان دەکرد بۆ تایبەتکردنی ڕۆژی دووشەممە بە سەڵاوات ناردن لەسەری. بەڵام واقیع و ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەوان ئەو ڕۆژەیان بە هیچ سەڵاواتێک تایبەت جیا نەکردبووەوە، چ جای ئەوەی ئاهەنگی تێدا بگێڕن و بۆی کۆببنەوە؛ ئەمەش بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر ئەوەی کە ئەو بەڵگەهێنانەوەیە لە شوێنی خۆیدا نییە، بەڵکو هیچ زانایەک باسی فەزڵی سەڵاوات ناردنی لەسەر پێغەمبەر (عليه الصَّلاةُ والسَّلامُ) نەکردووە بە تایبەت لە ڕۆژی لەدایکبوونی ڕاستەقینەیدا کە ڕۆژی دووشەممەیە، چ جای لەوەی کە دوانزەی ڕەبیعولئەوەل بێت، لە کاتێکدا ئەوەش سەلمێنراو نییە.

تەنانەت ئەوەش کە لە فەزڵی ڕۆژی هەینیدا هاتووە، **یەکەم:** تەنها لەبەر دروستبوونی ئادەم تێیدا نییە، بەڵکو وەکو دەقی فەرموودەکە دەڵێت؛ لەبەر ئەوەیە کە فووکردن بە صوردا و الصَّعْق تێیدا دەبێت، و لە ڕیوایەتی موسلیمدا هاتووە: (أنَّ فيه أُدْخِلَ آدمُ الجنَّةَ، وفيه أُخرِجَ منها، وفيه تقومُ الساعةُ)، واتە: (لەو ڕۆژەدا ئادەم خرایە بەهەشتەوە، و تێیدایە دەرکرا، و تێیدا قیامەت هەڵدەستێت).

**دووەم:** ئاهەنگگێڕان و کۆبوونەوە تێیدا نییە بۆ سەڵاوات ناردن لەسەری، و باسکردنی ژیاننامەکەی (عليه الصَّلاةُ والسَّلامُ).

## گومانی چوارەم

یەکێکی دیکە لەو گومانە سەیرانەی کە دەیوروژێنن ئەوەیە: بەڵگە بەو دەقانە دەهێننەوە کە فەرمان دەکەن بە سەڵاوات و سەلام لەسەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، هەروەها بەو فەرموودانەی کە باس لە پیاهەڵدانی خودی پێغەمبەر دەکەن، یان پیاهەڵدانی هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێ بێت) بۆی لە ئامادەبوونی خۆیدا. بۆیە دەڵێن: مەولوود هیچ شتێکی تێدا نییە جگە لە درووود و سەلام لەسەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و پیاهەڵدانی؛ ئیتر بۆچی ئەمەمان پێ ڕەوا نابینن و ئینکاریمان لێ دەکەن؟!

سەرەڕای ئەوەی ئەم قسەیە ڕاست نییە و چەواشەکاریی تێدایە؛ چونکە مەولوود چەندین کردەوەی دیکەی قەدەغەکراو (حەرام) لەخۆ دەگرێت، هەروەک پێشتر

ئامارەی پێ درا، بەڵام چەواشەکارییە گەورەکە ئەوەیە کە هەر لە بنەڕەتدا خاڵی ناکۆکییەکە ئەمە نییە؛ چونکە ئەوانەی ئینکاریی مەولوود دەکەن، بە هیچ شێوەیەک ئینکاریی درورد و صەڵاوات ناردن لەسەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و پیاهەڵدانی ناکەن، بەڵکو هەمیشە و بەردەوام درورودی لەسەر دەدەن، بەتایبەتیش لە ڕۆژی هەینیدا.

بەڵکو ئینکارییەکەی ئەوان لەسەر کۆبوونەوەیە بۆ ئەو مەبەستە لە ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێکی دیاریکراودا؛ لەبەر ئەوەی بە هیچ جۆرێک و تەنانەت یەک جاریش لە سوننەتدا نەهاتووە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەگەڵ هاوەڵەکانیدا (ڕەزای خوایان لێ بێت) کۆبووبێتەوە، یان هاوەڵەکانی لەگەڵ یەکتردا لە هەر بۆنەیەکدا کۆبووبێتنەوە، تەنها بە مەبەستی درورد ناردن

لەسەری یان پیاهەڵدانی، جا چ بگات بەوەی کە ئەمە لە شەوێکی دیاریکراو و تایبەتدا بکرێت.

# گومانی پێنجەم

بەڵگەهێنانەوەیان بەو فەرموودەیەی کە ئیمامی تورموزی و غەیری ئەویش لە بورەیدەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) گێڕاویانەتەوە، کە تێیدا هاتووە: کەنیزەکێک نەزری کرد کە دەف لێبدات و گۆرانی (سروود) بڵێت لە بەردەم پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وسلم) ئەگەر خوای گەورە بە سەلامەتی لە یەکێک لە غەزا و جەنگەکانی گێڕایەوە. پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) پێی فەرموو: (إنْ كُنتِ نَذرْتِ فاضْرِبي وإلَّا فَلا...) واتە: ئەگەر نەزرت کردووە ئەوا لێی بدە، ئەگەرنا واز بێنە و لێی مەدە.

ئەوان دەڵێن:

ئەمە ئاهەنگگێڕان و دەربڕینی دڵخۆشییە بە گەڕانەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە جەنگ، کە پێغەمبەر

(صلى الله عليه وسلم) بڕیاری لەسەر دروستیی داوە و ڕێگەی پێ داوە، بێگومان دڵخۆشبوونیش بە هاتنی بۆ ناو دونیا زۆر گەورەترە.

سبحان الله! چەندە گەورەیە پیلان و فێڵی ئیبلیس بۆ ئەم ئوممەتە و چەواشەکردنیان! بەڵگە بە یەک ڕووداو دەهێننەوە کە بە درێژایی ژیانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دووبارە نەبووەتەوە، لەولاشەوە چاوپۆشی لەوە دەکەن کە خودی خۆی و هاوەڵەکانیشی لە دوای ئەو، وازیان لە ئاهەنگگێڕان بە ڕۆژی لەدایکبوونی هێناوە، لەگەڵ ئەوەی ساڵانە ئەو ڕۆژە چەندین جار دووبارە بووەتەوە و هاتووەتەوە.

پاشان، ئایا ئەوان زاناترن بە گەورەیی هاتنی بۆ ناو دونیا بەراورد بە ڕزگاربوونی لە جەنگەکەدا یان ئەو ژنە هاوەڵە؟! باشە بۆچی ئەو ژنە نەزری نەکرد کە بەبۆنەی

ڕۆژی هاتنییەوە بۆ دونیا ئاهەنگ بگێڕێت و دڵخۆش بێت، لەبری ئەوەی بە ڕۆژی ڕزگاربوونی و گەڕانەوەی لە جەنگەکەدا دڵخۆش بێت؟!

جگە لەوەش، ئەم کارەی ئەو ژنە ئاهەنگگێڕانێک نەبووە کە خەڵکی بۆ کۆکردبێتەوە، بەڵکو تەنها بەجێگەیاندنی نەزرێک بووە کە لەسەر خۆی دایانابوو و وەفای بۆ کرد.

وە ئەگەر ئەم کارەی ئاهەنگێک بووایە وەک ئاهەنگی مەولوود، ئەوا هەموو ساڵێک دووبارەی دەکردەوە ڕێک وەک ئەوەی خاوەن مەولوودەکان دەیکەن.

# گومانی شەشەم

بەڵگەهێنانەوەیانە بۆ دروستیی ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) بەو فەرموودەیەی کەئیمامی بەیهەقی لە (سونەن)ـەکەیدا لە ئەنەسەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) گێڕاویەتیەوە، کە تێیدا هاتووە: (أَنَّ النبيَّ صلَّى الله عليه وسلَّم عقَّ عن نفْسِه بعدَ النُّبوَّة) واتە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە دوای پێغەمبەرایەتی عەقیقەی بۆ خۆی کردووە.

ئەوان دەڵێن:

ئەوەتا پێغەمبەری خوا لە خۆشحاڵی لەدایکبوونی، عەقیقەی بۆ خۆی کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەبو تالیب لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا عەقیقەی بۆ کردبوو،

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دروستیی دووبارەکردنەوەی دڵخۆشی جار لە دوای جار.

لە کاتێکدا ئەم فەرموودەیە، هەروەک چۆن خودی بەیهەقی لە دوای هێنانەوەی فەرموودەکەوە باسی کردووە: (حديثٌ مُنكَر)ـە. وە ئیمامی نەوەوی (٦٧٦هـ) لە پەڕتووکی ((المجموع)) (٤٣١/٨)دا دەڵێت: (باطِلٌ)ـە. وە ئیبن حەجەری عەسقەلانی (٨٥٢هـ) لە پەڕتووکی ((الفتح)) (٥٠٩/٩)دا دەڵێت: (لا يَثبُت)؛ بەمەش هەر لە بنەڕەتەوە بەڵگە پێهێنانەوەی پێی هەڵدەوەشێتەوە. بێگومان ئەگەر فەرموودەکەش سەلمێنراو و دروست بووایە، دیسان نەدەبووە بەڵگە بۆیان؛ چونکە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەم کارە و ئاهەنگگێڕانی مەولوود لە هەموو ساڵێکدا؛ بۆیە ئەمە

پێوانەکردنێکە کە جیاوازی لە نێوان پێوانەکار و پێوانەکراوەکەیدا هەیە (قیاس مع الفارق).

لەوەش سەیرتر: بەڵگەهێنانەوەیانە بە ئازادکردنی (ثُوَیبە)ـی ئەسلەمی لە لایەن ئەبو لەهەبی خاوەنییەوە، کاتێک مژدەی لەدایکبوونی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) پێ دا، و گوایە بەو هۆیەوە سزای لەسەر سووک دەکرێت.

گوتوویانە: ئەگەر ئەمە حاڵی کەسێک بێت کە قورئان بۆ سەرکۆنەکردنی دابەزیبێت، و سزای لەسەر سووک بکرێت تەنها لەبەر ئەوەی دڵخۆش بووە بە لەدایکبوونی پێغەمبەری هەڵبژێردراو؛ ئەی دەبێت پاداشتی کەسێک چۆن بێت کە دڵخۆشی بە لەدایکبوونی دەردەبڕێت (صلى الله عليه وسلم) لە کاتێکدا کەسێکی باوەڕدار و یەکخواپەرستە؟!

چەندە قەبیح و قێزەون و ناشرینە کە بەڵگە بە کردەوەی بێباوەڕێک لە سەردەمی نەفامیدا (جاهیلییەت) بهێنرێتەوە کە دڵخۆش بووە بە لەدایکبوونی برازایەکی لە سەردەمێکدا کە بە لەدایکبوونی کوڕ دڵخۆش دەبوون و کچیان لە ترسی ئابڕووچوون زیندەبەچاڵ دەکرد!

ئایا لەبەر ئەوە دڵخۆش بوو کە پێغەمبەری خوا بوو؟!

وە ئایا دەیزانی کە وەک پێغەمبەر لەناویاندا ڕەوانە دەکرێت؟!

یان دەیزانی کە ئەم ئایەتەی لەسەر دادەبەزێت: ﴿تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ١﴾[1] ؟!

لێرەشدا هەمان ئەو قسەیە دەگوترێتەوە کە لە پێشتردا گوترا: ناکۆکییەکە لەسەر گەورەیی دڵخۆشبوون بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و خۆشویستن و

---

[1] [المسد: ١].

ڕێزگرتنی نییە، بەڵکو ناکۆکییەکە لەسەر ڕەوایی (مەشروعییەت) ئەو کارەیە کە ئێوە ئیدیعا دەکەن گوایە خۆشەویستییە، لە کاتێکدا تێیدا پێچەوانەی ڕێنمایی و سوننەتەکەی (صلى الله عليه وسلم) دەجووڵێنەوە.

خراپتر لەوەش، ئەوەیە کە سەخاوی لە پەڕتووکی ((الأجْوبة المَرْضِيَّة)) (٣/ ١١١٧) لە زاری یەکێکیانەوە گواستوویەتیەوە کە دەڵێت: (ئەگەر خاچپەرستان شەوی لەدایکبوونی پێغەمبەرەکەیان کردبێت بە جەژنێکی گەورە، ئەوا موسڵمانان لەپێشتر و شایستەترن بە ڕێزگرتن)، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم قسەیەش هیچ شتێک نابینم لەوە پاراوتر و پێکاتراوتر بێت کە بوخاری و موسلیم لە هەردوو سەحیحەکەیاندا لە فەرموودەی ئەبو سەعیدی خودرییەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) گێڕاویانەتەوە، کە پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وسلم)

فەرموویەتی: (لتتَّبعُنَّ سَنَنَ الَّذين من قبلِكم شِبرًا بشبرٍ، وذراعًا بذراعٍ، حتَّى لو دَخلوا في جُحرِ ضبٍّ لاتَّبعتموهم! قُلنا: يا رسولَ اللهِ، اليهودُ والنَّصارَى؟ قال: فمَن؟!) واتە: بێگومان ئێوە بست بە بست و باڵ بە باڵ شوێن ڕێچکەی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون، تەنانەت ئەگەر بچنە کونی بزنمژەکیشەوە، ئێوەش هەر شوێنیان دەکەون! گوتمان: ئەی پێغەمبەری خوا، مەبەستت جوولەکە و مەسیحییەکانە؟ فەرمووی: ئەی کێی تر؟!

# گومانی حەوتەم

کاتێک بۆیان سەلمێنرا کە ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی مەولوودەوە بیدعەیە و پێغەمبەری الله (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵە بەڕێزەکانیشی (ڕەزای خوایان لێ بێت) نەیانکردووە، وە ژمارەیەک لە زانایانیش جەختیان لەوە کردووەتەوە، لەوانە حافز (ئیبن حەجەر) کە دەڵێت: (أصلُ عمَلِ المولدِ بِدعةٌ لم تُنقَلْ عن أحدٍ مِن السَّلفِ الصالِحِ من القُرونِ الثلاثةِ) واتە: بنچینەی کارکردن بە مەولوود بیدعەیە و لە هیچ یەکێک لە پێشینە چاکەکارەکانی سێ سەدە زێڕینەکەوە نەگواستراوەتەوە. هەروەک چۆن (سیوطی) (٩١١هـ) لە پەڕتووکی ((الحاوي للفتاوي)) (١/ ٢٢٩) لێیەوە گواستوویەتیەوە؛ لە بەرانبەردا ئەوان

گوتیان: بەڵێ! بیدعەیە بەڵام بیدعەیەکی باشە، وە خودی ئیبن حەجەر و زانایانی دیکەش ئەوەیان باس کردووە.

بەڵام ڕای ڕاست و دروست کە زانایانی لێکۆڵەر لەسەرین ئەوەیە کە: لە ئیسلامدا بیدعەی باش و بیدعەی گومڕایی بوونی نییە، بەڵکو هەموو بیدعەیەک گومڕاییە، هەروەک چۆن دەقی فەرموودە سەحیحەکەی پێغەمبەری اللە (صلی اللە علیە وسلم) بە ڕوونی ئاماژەی پێ کردووە.

قسەی زانایانیش سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی دابەشکردنی بیدعە بۆ باش و خراپ زۆرە، کە باسکردنیان درێژە دەکێشێت و لێرەدا جێگەیان نابێتەوە، بەڵام تەنها بە گواستنەوەی وتەی دوو زانا دەوەستم کە شایەتییان بۆ دراوە لە شارەزایی و دارشتنی بنەماکاندا.

**یەکەم:** ئیمامی (ئەبو عوبەیدی قاسم کوڕی سەلام)، کە یەکێکە لە ناودارانی سەدەی سێیەم و لە ساڵی ٢٢٤ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە؛ (ابن بطال) لە ڕاڤەکەی بۆ پەڕتووکی بوخاری (٥٨٨/٨) ئەم قسەیەی لێوە گواستووەتەوە کە دەڵێت: (البِدعُ والأهواءُ كلُّها نوعٌ واحدٌ في الضلال) واتە: بیدعە و ئارەزووەکان هەموویان یەک جۆرن لە گومڕاییدا.

**دووەم:** ئەبو ئیسحاقی ئیبراهیم کوڕی مووسای شاطیبی (٧٩٠هـ)، زانای ئوسوڵیی مالیکی؛ لە پەڕتووکی ((فتاويه)) (ص١٨٠)دا دەڵێت: (إنَّ قولَ النبيِّ صلَّى الله عليه وسلَّم: (كلُّ بِدعةٍ ضلالةٌ) مَحمولٌ عند العُلماءِ على عُمومِه، لا يُستثنَى منه شيءٌ البتَّةَ، وليس فيها ما هو حَسَنٌ أصلًا) واتە: بێگومان ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە دەفەرموێت: (كلُّ بِدعةٍ ضلالةٌ) - واتە:

هەموو بیدعەیەک گومڕاییە -، لەلای زانایان بە گشتگیری وەردەگیرێت، و بە هیچ شێوەیەک هیچ شتێکی لێ هەڵاوێر ناکرێت، و هەر لە بنەڕەتیشەوە هیچ بیدعەیەکی باش بوونی نییە.

وە لە پەڕتووکەکەی بە ناوی ((الاعتصام)) (٢٤٦/١)دا دەڵێت: **(هذا التقسيمُ أمرٌ مُخترَعٌ، لا يدلُّ عليه دليلٌ شرعيٌّ)** واتە: ئەم دابەشکردنە (بۆ بیدعەی باش و خراپ) شتێکی داهێنراوە، و هیچ بەڵگەیەکی شەرعی لەسەری نییە.

ئەوەی پشتگیریی قسەکانی ئەو دوو زانایەش دەکات، ئەو وتەیەی پێشەوای شاری مەدینە (دار الهجرة) مالیکی کوڕی ئەنەسە (١٧٩هـ)، لەو یاسا و بنەما مەزنەیدا کە دەڵێت: **(مَن ابتدَعَ في الإسلامِ بِدعةً يراها حسَنةً، فقد زعَم أنَّ محمدًا خان الرِّسالةَ؛ لأنَّ اللهَ تعالى يقولُ:** ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ

﴿دِينًاۚ﴾[١]؛ فما لم يكُن يومئذٍ دِينًا، فلا يكونُ اليومَ دِينًا) واتە: هەر کەسێک بیدعەیەک لە ئیسلامدا دابهێنێت و بە باشی بزانێت، ئەوا ئیدیعای ئەوەی کردووە کە موحەممەد خیانەتی لە پەیامەکە کردووە؛ چونکە الله تعالى دەفەرموێت: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينًاۚ﴾[٢]؛ بۆیە هەر شتێک لەو ڕۆژەدا بەشێک نەبووبێت لە ئایین، ئەوا ئەمڕۆش نابێتە بەشێک لە ئایین. ئەمەش لە ((الإحكام في أصول الأحكام))ی ئیبن حەزم (٦/ ٥٨)، و ((الاعتصام))ی شاطیبیدا (٦٢/١) هاتووە.

لە دوای ئەویش، قوتابییەکەی کە ئیمامی شافیعییە (٢٠٤هـ)؛ جوەینی (٤٧٨هـ) لە پەڕتووکی ((نهاية المطلب

---

[١] [المائدة: ٣].

[٢] [المائدة: ٣].

في دراية المذهب)) (١٨/ ٤٧٣)، و غەزالی (٥٠٥هـ) لە ((المستصفى)) (١٧١/١)دا ئەم قسەیەیان لێوە گواستووەتەوە کە دەڵێت: (مَن اسْتَحسَنَ فقد شَرَعَ) واتە: هەر کەسێک شتێک بە باش بزانێت، ئەوا شەریعەتی داناوە. وە بە هیچ جۆرێک چاوەڕوان ناکرێت کەسێک پێی وابێت بەباشزانینی شتێک (الاستحسان) جۆرێکە لە دانانی شەریعەت کە الله تعالى مۆڵەتی پێ نەداوە، کەچی لە هەمان کاتیشدا بڵێت هەندێک لە بیدعەکان باشن.

هاوشێوەی ئەوەش: بەڵگەهێنانەوەیانە بەو فەرموودەیەی کە ئیمامی موسلیم لە جەریرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) گێڕاویەتیەوە، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (مَن سَنَّ في الإسلامِ سُنَّةً حسنَةً فعَمِلَ بها من بَعدَه، كان له أجْرُها ومِثلُ أجْرِ مَن عمِلَ بها مِن غيرِ أن يَنتقِصَ مِن أجورِهِم شيءٌ) واتە: هەر کەسێک لە ئیسلامدا

ڕێچکە و سوننەتێکی باش دابنێت و ئەوانەی دوای خۆی کاری پێ بکەن، ئەوا پاداشتی ئەو کارەی بۆ دەنووسرێت و هاوشێوەی پاداشتی ئەوانەش دەست دەکەوێت کە کاریان پێ کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە پاداشتی ئەوان کەم ببێتەوە. بەمەش ئەوان گوتیان: ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی مەولوودەوە، سوننەتێکی باشە.

ئەمەش لە لایەن ئەوانەوە شێواندنی فەرموودەکەیە و لادانیەتی لە مانا دروستەکەی، وە نەفامی یان خۆنەفامکردنە لە هۆکاری گوتنی فەرموودەکە، کە هۆکارەکەی ئەمەیە: (أنَّ قومًا أتَوُا النبيَّ صلَّى الله عليه وسلَّم من الأعرابِ مُجتابِي النِّمارِ (أي: لابِسي الصُّوفِ المُخرَّقِ مِن فَقرِهم)، فحَثَّ رسولُ اللهِ صلَّى الله عليه وسلَّم الناسَ على الصَّدقةِ، فأبْطَؤوا حتى رُئِي ذلك في وجْهِه، فجاء رجُلٌ من الأنصارِ بقِطعةِ تِبْرٍ فطرَحَها، فتتابَع الناسُ

حتَّى عُرِفَ ذلك في وجْهِه صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، فقال: مَن سَنَّ سُنَّةً حسَنةً...) واتە: کۆمەڵێک کەس لە دەشتەکییەکان (ئەعرابییەکان) هاتنە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کە جلەکانیان دڕاو بوو (واتە: لەبەر هەژاری جلی خوریی دڕاویان لەبەردا بوو)، بۆیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هانی خەڵکی دا بۆ بەخشین و خێرکردن، بەڵام خەڵکەکە سستییان کرد تا وای لێهات شوێنەواری دڵتەنگی بەسەر ڕوخسارییەوە بینرا، لەو کاتەدا پیاوێک لە ئەنسارییەکان پارچە زێڕێکی هێنا و داینا، ئیتر خەڵکیش بەدوای ئەودا دەستیان بە بەخشین کرد، تا وای لێهات خۆشحاڵی بە ڕوخساری پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) بینرا، ئەوسا فەرمووی: هەر کەسێک سوننەتێکی باش دابنێت...

بۆیە مەبەست لە فەرموودەکە ئەوەیە: هەر کەسێک سوننەتێک لە سوننەتەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) زیندوو بکاتەوە، هەروەک چۆن لای (ئیبن ماجە) و غەیری ئەویش لە فەرموودەی عەمری کوڕی عەوفی موزەنییەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) بە مەرفووعی هاتووە: (مَن أحيا سُنَّةً مِن سُنَّتي قد أُميتتْ بَعدي كان له من الأجرِ مِثلُ مَن عمِلَ بها من غيرِ أنْ يَنقُصَ من أجورِهم شيئًا، ومَن ابتَدعَ بِدعةً لا يَرضاها اللهُ ورسولُه، فإنَّ عليه مِثلَ إثمِ مَن عمِلَ بها من الناسِ، لا يَنقُصُ مِن آثامِ الناسِ شيئًا)، واتە: هەر کەسێک سوننەتێک لە سوننەتەکانی من زیندوو بکاتەوە کە لە دوای خۆم فەرامۆش کرابێت، ئەوا بە قەدەر پاداشتی ئەوانەی کاری پێ دەکەن پاداشتی بۆ دەنووسرێت، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لە پاداشتی ئەوان کەم ببێتەوە. وە هەر کەسێکیش بیدعەیەک دابهێنێت کە

الله و پێغەمبەرەکەی پێی ڕازی نین، ئەوا بە قەدەر تاوانی ئەو کەسانەی کە کاری پێ دەکەن تاوانی لەسەر دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ لە تاوانی خەڵکەکە کەم ببێتەوە.

شاطیبی لە ڕونکردنەوەی ئەمە دەڵێت: (فدلَّ على أنَّ السُّنَّةَ هاهنا مِثلُ ما فعَل ذلك الصحابيُّ، وهو العملُ بما ثبَت كونُه سُنَّةً- يعني الصَّدقةَ) واتە: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە سوننەت لێرەدا وەک ئەو کارەیە کە ئەو هاوەڵە بەڕێزە کردی، ئەویش کارکردنە بە شتێک کە چەسپاوە وەک سوننەت -کە مەبەستی خێر و سەدەقەکەیە- نەک مەولوود!

بێگومان ئەوەی کە فەرموویەتی: ((مَن سَنَّ في الإسلامِ سُنَّةً حسَنةً ...))، هەر خۆیشیەتی کە فەرموویەتی: ((عليكم بسُنَّتي وسُنَّةِ الخُلفاءِ الراشدينَ المهديِّينَ مِن بَعدي، تمسَّكوا بها وعَضُّوا عليها بالنواجِذِ، وإيَّاكم

ومُحْدَثاتِ الأمورِ؛ فإنَّ كلَّ مُحْدَثةٍ بِدعةٌ، وكلَّ بِدعةٍ ضَلالةٌ)) واتە: دەست بە سوننەتی من و سوننەتی جێنشینە (خەلیفە) ڕاشدینە ڕێنماییکراوەکانی دوای منەوە بگرن، دەستی پێوە بگرن و بە ددانەکانتان بیگەزن (واتە بە توندی دەستی پێوە بگرن)، وە زۆر وریا بن لە داهێنراوەکان (لە ئاییندا)؛ چونکە هەموو داهێنراوێک بیدعەیە، و هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە. هەر خۆیشیەتی (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((مَن أحْدَثَ في أمْرِنا هذا ما ليس منه فهو رَدٌّ)) واتە: هەر کەسێک شتێک لەم ئایینەی ئێمەدا دابهێنێت کە لێی نەبێت، ئەوا ڕەتدەکرێتەوە.

سەرجەمی ئەمانەش فەرموودەی سەحیحن، و کارپێکردنیان پێکەوە و گونجاندن لە نێوانیاندا شتێکی پێویست و حەتمییە.

# گومانی هەشتەم

ئیدیعاکردنیانە کە گوایە هەندێک لە هاوەڵان بیدعەی باشیان داهێناوە، وە بەڵگەش بەوە دەهێننەوە کە لە سەحیحی بوخاریدا لە ڕیفاعەی کوڕی ڕافیعی زورەقییەوە هاتووە، کە دەڵێت: (كنَّا يومًا نُصلِّي وراءَ النبيِّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم، فلمَّا رفَع رأسَه من الرَّكعةِ، قال: سمِعَ اللهُ لِمَن حمِدَه، قال رجلٌ وراءَه: ربَّنا ولكَ الحَمدُ، حمْدًا كثيرًا طيِّبًا مُباركًا فيه، فلمَّا انصرَف، قال: مَنِ المتكلِّمُ؟ قال: أنا، قال: رأيتُ بِضعَةً وثلاثينَ ملَكًا يبتَدِرونها؛ أيُّهم يَكتبُها أوَّلُ!) واتە: ڕۆژێکیان لە دوای پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) نوێژمان دەکرد، کاتێک سەری لە ڕکوع بەرزکردەوە، فەرمووی: (سمِعَ اللهُ لِمَن حمِدَه)، پیاوێک لە دوایەوە گوتی: (ربَّنا ولكَ الحَمدُ، حمْدًا كثيرًا طيِّبًا مُباركًا

فیه) ، کاتێک لە نوێژەکە بووەوە، فەرمووی: کێ بوو ئەوەی قسەی کرد؟ گوتی: من بووم، فەرمووی: سی و چەند فریشتەیەکم بینی پێشبڕکێیان بوو لەسەری؛ کە کامەیان یەکەم جار بینوسێت! ئەوان دەڵێن: ئەم هاوەڵە ئەم زیکرەی داهێناوە و لە پێغەمبەری (صلى الله علیه وسلم) نەبیستووە، بۆیە ئەمە بیدعەیەکی باشە.

ئەمەش تێگەیشتنێکی هەڵەیە؛ چونکە هاوەڵان (ڕەزای خوایان لێ بێت) تایبەتمەندییەکیان هەبووە کە بۆ غەیری ئەوان نییە، ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) لە نێوانیاندا بووە و کارەکانیانی ڕاست کردووەتەوە؛ بۆیە هەر شتێک هاوەڵێک بیکات و پێغەمبەریش (صلى الله علیه وسلم) بڕیاری لەسەر دروستیی بدات و پێی ڕازی بێت، ئەوا دەبێتە بەشێک لە (سوننەتی تەقریری - السُّننِ التقريريَّة) و ناچێتە قاڵبی

بیدعەوە، هەروەک چۆن زانایانی بنەمازانی (أصول) ئەمەیان چەسپاندووە. وە هەر شتێکیش کە دەیگێڕنەوە لەو کارانەی کە هاوەڵان کردوویانە و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێی ڕازی بووە و بڕیاری لەسەر دروستیی داوە، دەچێتە ئەم بابەتەوە.

لەوانەش: بەڵگەهێنانەوەیان بە کۆکردنەوەی هاوەڵان بۆ نوێژی تەراویح لەلایەن عومەرەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) لە دوای یەک پێشنوێژ (ئیمام)، پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)؛ کە گوتیان: ئەم کارەی ئەویش بیدعەیەکی باشە.

ئەو کەسەی ورد دەبێتەوە لەم ڕووداوەی عومەر (رضي الله عنه)، دەبینێت کە بەڵگەپێهێنانەوە پێی زۆر لاوازترە لە بەڵگەی پێشووتری؛ چونکە ئەم کارە خودی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) خۆی کردوویەتی، کاتێک کە بە

کۆمەڵ (جەماعەت) نوێژی تەراویحی بە هاوەڵان کردووە، و خۆیشی پێشنوێژی (ئیمام)ی بۆ کردوون، هەروەک چۆن ئەوە لای هەردوو (بوخاری و موسلیم) لە فەرموودەی عائیشەوە (رضي الله عنها) جێگیر بووە و سەلمێنراوە. پاشان لە دوای ئەوە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەچووە دەرەوە بۆ لایان، لە ترسی ئەوەی نەوەک ئەو نوێژەیان لەسەر فەرز بکرێت؛ بۆیە ئەم نوێژە لە سەردەمی ئەبوبەکردا وەستا، پاشان عومەر (رضي الله عنه) زیندووی کردەوە و گەڕاندیەوە، ئەویش دوای ئەوەی هۆکارەکەی نەما کە ترسی فەرزبوونەکە بوو؛ ئیدی چۆن دەگوترێت: عومەر نوێژێکی نوێی داهێناوە کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) نەبووە؟! ئەمەش کوێی دەچێتەوە سەر داهێنانی ئاهەنگگێڕان بە مەولوود؟!

ئەوەشی کە دەچێتە پاڵ ئەم گومانە: بەڵگەهێنانەوەیانە بە کۆمەڵێک کار کە هاوەڵان (رضي الله عنهم) لە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کردوویانە، وەک نووسینەوە و کۆکردنەوەی قورئان، و خاڵدانان بۆ موسحەف و دانانی حەرەکات (زەمە و کەسرە و فەتحە) بۆ پیتەکان، کە گوتیان: ئەمانە هەموویان بیدعەی باشن، مەولوودیش لە هەمان جۆری ئەم کارانەیە.

ئەو کەسەشی قسەی لەم جۆرە دەکات، یان نەفام و نەشارەزایە بە زانستی بنەماکان (عِلم الأُصول)، یان چەواشەکارە بەسەر خەڵکی سادەدا؛ چونکە بیدعەی قێزەون و سەرکۆنەکراو ئەو شتەیە کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەیکردبێت، سەرەڕای بوونی هۆکار و پاڵنەری پێویست بۆ کردنی و نەبوونی هیچ ڕێگرێکیش

لەبەردەم ئەنجامدانیدا؛ باشە چی ڕێگر بوو لەبەردەم پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ گێڕانی مەولوود؟! وە ئەگەر پاڵنەرەکەشی خۆشویستنی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بێت؛ ئەوا ئەم خۆشەویستییە زۆر بە جوانی لەلای هاوەڵان هەبووە؛ ئەی بۆچی ئەوان نەیانکرد؟ وەڵامەکەشی ئەوەیە: لەبەر ئەوەی کارێکی ڕێگەپێدراو و شەرعی نییە.

سەبارەت بە نووسینەوە و کۆکردنەوەی قورئانیش، ئەوە دەچێتە بابی پاراستنی لە فەوتان و ونبوون، وە ئەم هۆکار و پاڵنەرە لە ژیانی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) بوونی نەبوو؛ چونکە وەحی بەردەوام دادەبەزی بۆ سەر پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تا کەمێک پێش کۆچی دوایی (کە باوک و دایک و گیانم بە قوربانی بێت)، وە زۆربەی هاوەڵانیش (ڕەزای خوایان لێ بێت) لە مەدینە

بوون. بەڵام کاتێک پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وسلم) کۆچی دوایی کرد و وەحی پچڕا دوای ئەوەی کە کامڵ بوو، وە ڕووبەری دەوڵەتی ئیسلامی فراوان بوو، و هاوەڵان و ئەوانەی دوای ئەوانیش بە ناوچەکانی جیهاندا بڵاو بوونەوە، وە هەندێک لە خەڵکی لە (خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئاندا جیاوازی و ناکۆکییان تێکەوت؛ ئەمە وای خواست کە لە یەک موسحەفدا کۆبکرێتەوە و بنووسرێتەوە. بۆیە لە سینەکان و لەو پارچە و تابلۆ پەرتەوازانەوە لە یەک موسحەفدا کۆیان کردەوە و چەند لەبەرگیراوەیەکیان لێ نووسییەوە و بەسەر شار و وڵاتەکاندا دابەشیان کرد، وە ئەوەی لە دەرەوەی ئەوە بوو سووتاندیان.

پاشان کاتێک خەڵکی لە زمانی عەرەبی دوورکەوتنەوە و زمانی عەجەم تێکەڵیان بوو؛ ئەویش بەهۆی هاتنە

ناوەوەی ژمارەیەکی زۆر لە غەیرە عەرەبەکان بۆ ناو ئیسلام، پێویستیان بە خاڵبەندی و (دانانی حەرەکات) بوو؛ تاوەکو بە شێوەیەکی دروست بخوێنرێتەوە. بەڵام لە سەردەمی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) بەم شێوەیە کۆنەکرابووەوە و نەنوسرابووەوە. ئەمەش زانایانی بنەمازانی (أصول) ناوی لێ دەنێن (المصالِحُ المُرسَلة - بەرژەوەندییە گشتییەکان)، کە باسکردنی درێژە دەکێشێت.

وە نزیکبوونەوە لە خوای گەورە لە ڕێگەی بیدعەکانەوە، و پەرستنی لە ڕێگەی بیدعەکانەوە -هەروەک چۆن لە حاڵەتی ئاهەنگگێڕانی مەولوودا وایە-، ناچێتە بابی (المصالح المرسلة)ەوە؛ چونکە لە بابی پەرستشەکاندا (عیبادەت) بەڵگە بە (المصالح المرسلة) ناهێنرێتەوە؛ لەبەر

ئەوەی پەرستشەکان (تەوقیفی)ن (واتە: دەوەستنە سەر دەقەکانی قورئان و سوننەت)، و هیچ بوارێک تێیاندا نییە بۆ ڕاوبۆچوون و ئیجتیهادکردن و کارکردن بەو شتانەی کە خەڵکی بە باشی دەزانن. هەروەها لەبەر ئەوەی پەرستشەکان مافێکی پەتیی (تەواوەتی) خوای گەورەن، و مەحاڵە مافەکانی الله تعالى بزانرێت لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتی، و کات و شوێنەوە، مەگەر تەنها لە ڕێگەی خودی ئەو زاتەوە (سبحانه وتعالى).

# گومانی نۆیەم

دەڵێن: ئاهەنگگێڕان بۆ مەولوود عادەت و دابونەریتە نەک پەرستش (عیبادەت)؛ ئیتر بۆچی ئینکاریی دابونەریتەکانمان لێ دەکەن؟!

ئەمەش چەواشەکارییەکی دیکەیانە و ڕاکردنە لە واقیع و ڕاستی. ئەگەرنا چۆن بۆ کۆبوونەوەیەک دەگوترێت (دابونەریت)، کە تێیدا قورئان دەخوێنرێت، و زیکری خوا دەکرێت، و دوعا دەکرێت، و یادخستنەوەی تێدایە بۆ ژیاننامە و تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، و خەڵکی بۆ بانگێشت دەکەن و هانیانی لەسەر دەدەن؛ لە هەمان کاتیشدا بە یەکێک لە گەورەترین ئەو کردەوانەی دادەنێن کە هیوای پاداشت و خێریان پێی

هەیە؛ ئیدی چۆن بە شتێکی لەم جۆرە دەڵێن: ئەمە دابونەریت و عادەتە و عیبادەت نییە؟! کەواتە ئیتر عیبادەت چییە ؟!

ئەگەر لە یەکێک لەو کەسانەی کە ئاهەنگی مەولوودی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەگێڕن بپرسیت: بۆچی ئەم ئاهەنگە دەگێڕیت؟ دەڵێت: لەبەر ئەوەی پێغەمبەرم (صلى الله عليه وسلم) خۆشدەوێت. خۆ ئەگەر پێی بگوترێت: ئایا ئاهەنگگێڕان بە مەولوودەکەی (صلى الله عليه وسلم) گوێڕایەڵی (طاعە)یە یان سەرپێچی و تاوان؟ بە دڵنیاییەوە ناڵێت: تاوانە؛ چونکە چۆن دەبێت ئاهەنگ بۆ تاوان بگێڕرێت؟!

بەڵکو دەڵێت: ئەوە گوێڕایەڵی و لێکنزیکبوونەوەیە لە خوا.

ئەوسا پێی دەگوترێت: ئایا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئەم گوێڕایەڵییەی زانیوە یان لێی بێئاگا بووە؟ بێگومان ناڵێت: لێی بێئاگا بووە؛ خۆ ئەگەر بڵێت: زانیویەتی، ئەوا لێی دەپرسین: ئایا بە ئوممەتەکەی گەیاندووە یان شاردوویەتیەوە؟

لێرەشدا مەحاڵە بڵێت: شاردوویەتیەوە. جا ئەگەر بڵێت: گەیاندوویەتی. ئەوا پێی دەڵێین: ئەو فەرموودەیەمان بۆ بهێنە کە تێیدا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هانی داوین بۆ ئاهەنگگێڕان بە مەولوودەکەی، ئەوسا ئێمە دەبینە یەکەم کەس کە ئاهەنگی بۆ دەگێڕین؛ لەبەر ئەوەی ئێمە خۆشمان دەوێت و لە هەموو کەس زیاتر سوورین

لەسەر شوێنکەوتنی سوننەتەکەی (صلی الله علیه وسلم)، بەڵام هەیهات، هەیهات (مەحاڵە و زۆر دوورە) بتوانێت تەنانەت یەک فەرموودەی سەحیح یان زەعیفیش بهێنێت کە هاندانی تێدا بێت بۆ ئەو کارە، یان خودی خۆی کردبێتی، یان بڕیاری لەسەر دروستیی دابێت (تەقریری بۆ کردبێت)!

# گومانی دەیەم

یەکێکی دیکە لە گومانەکانیان بۆ ڕێگەپێدان بە ئاهەنگگێڕانی مەولوود ئەوەیە: مەولوود دەشوبهێنن بە بەستنی کۆنگرە و کۆنفرانسەکان؛ وەک ڕێزلێنانێک بۆ زانایەک و خستنەڕووی هەوڵ و کۆششەکانی و باسکردنی ژیاننامە و شوێنەوارەکانی.

دەشڵێن: بێگومان کۆبوونەوەمان بۆ بیرهێنانەوەی ژیاننامەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و گەورەیی و فەزڵی بەسەر ئوممەتەوە، لەو کارە لەپێشتر و شایستەترە.

وەڵامدانەوەی ئەم گومانەش لە دوو ڕووەوە دەبێت:

**یەکەم:** بێگومان بەستنی کۆڕ یان کۆنگرەیەک بۆ ناساندنی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و ژیاننامەکەی و بەرگریکردن لێی، لە هی هەر کەسێکی تر لەپێشترە،

بەڵام بەستنی کۆڕ یان کۆنگرەیەک بۆ یەک جار یان زیاتر، لە یەک وڵات یان چەند وڵاتێکدا، بە هیچ شێوەیەک مەولوودی لەسەر پێوانە ناکرێت؛ چونکە کۆنگرە یان کۆڕ ئاهەنگگێڕان و دەربڕینی خۆشی و ئاهەنگسازان نییە بەبۆنەی هاتنییەوە، بەڵکو ناساندن و فێرکردن و بانگەوازێکە بۆ ئەو کەسانەی کە نەشارەزان لە ژیاننامە و بانگەوازەکەی، چ لە موسڵمانان بن یان غەیری ئەوان.

**دووەم:** ئەم کۆنگرانە کاتی دیاریکراویان نییە، وە ڕاستیش نییە لەو ڕۆژەدا ببەسترێن کە زاناکەی تێدا لەدایک بووە؛ چونکە ئەمانە جەژنی لەدایکبوون نین بۆ ئەو؛ بۆ نموونە لەوانەیە ئەو زانایە لە مانگی ڕەجەبدا لەدایک بووبێت و کۆنگرەکە لە مانگی موحەڕەمدا ببەسترێت؛ کەواتە کۆنگرەکە پەیوەست نییە بە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە،

بەڵکو پەیوەستە بەو کاتەی کە دەگونجێت بۆ ئامادەبووان و بەشداربووان و سەرپەرشتیارانی کۆنگرەکە.

خۆ ئەگەر بڵێن: مەولوودیش بە هەمان شێوە بە درێژایی ساڵ دەکرێت و لە ڕۆژێکی دیاریکراودا نییە. ئەوا دەڵێین: ئەمە چەواشەکارییە؛ بەڵکو ئەوانەی سەرپەرشتیی ئەم مەولوودانە دەکەن کۆکن لەسەر ئەوەی لە دوانزەی ڕەبیعولئەوەلدا سازی بکەن، هەرچەندە لە ڕۆژە جیاوازەکانی تریشدا بە درێژایی ساڵ دەیکەن؛ ئەویش تەنها بۆ زیاتر ڕۆچوون و زێدەڕۆییکردن لە دووبارەکردنەوەی بیدعەکەدا.

پێشەوا (جمالُ الدِّينِ السُّرَّمَرِّيُّ) (٧٧٦هـ) حوکمی ئاهەنگگێڕانی بەبۆنەی مەولوودی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) باس کردووە، و لە دوای گێڕانەوەی ئەو ناکۆکییەی کە هەیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەر (صلى الله

علیه وسلم) لە کام مانگدا و لە کام ڕۆژی مانگی لەدایکبوونەکەیدا لەدایک بووە، دەڵێت:

(لەو ناکۆکییەدا بەڵگەی ئەوە هەیە کە پێشینەکان (سەلەف) ئەم ڕۆژەیان نەکردووەتە وەرزێک بۆ کۆبوونەوە و خوانسازدان و ئاهەنگگێڕان بە دروستکردنی خۆراک و خواردنەوە و گوێگرتن لە سروودەکان؛ چونکە پێشینەکان لە هەموو خەڵکی زیاتر ڕێزیان لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەگرت و لە هەمووان زیاتر خۆشیان دەویست و بە گەورەیان دەزانی، وە لە هەموو دروستکراوەکانیش سوورتر بوون لەسەر بڵاوکردنەوەی جوانی و چاکەکانی؛ جا ئەگەر ڕۆژی لەدایکبوونی لای ئەوان وەرز و بۆنەیەک بووایە، ئەوا هیممەت و کۆششیان دەخستە گەڕ بۆ پاراستنی، و نە لای خۆیان و نە لای غەیری خۆیان هیچ ناکۆکییەک لەسەر کاتەکەی

نەدەبوو، وە کۆدەنگ دەبوون لەسەری ڕێک وەک چۆن کۆدەنگن لەسەر هەردوو ڕۆژی جەژنەکە و ڕۆژەکانی تەشریق و ڕۆژی عەرەفە و ڕۆژی عاشوورا، ... بۆیە ئەگەر مەولوود وەک ئەوان بووایە، ئەوا دەپارێزرا هەروەک چۆن ئەوان پارێزراون.

بەڵام کۆبوونەوە بۆ قورئان خوێندن و بڵاوکردنەوەی موعجیزەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، و باسکردنی ڕەوشت و ئادابەکانی، و ناساندنی مافەکانی، و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و خۆپاراستن لە قەدەغەکراوەکانی، لەگەڵ فێرکردنی سوننەتەکانی؛ لە هەموو کاتێکدا کارێکی پەسەندە، بگرە واجبیشە) [((المولد الكبير للبشير النذير صلى الله عليه وسلم)) ورقة (١٠ ب)- بواسطة: ((منْهجُ الإمَامِ جمالِ الدِّينِ السُّرَّمَرِّيِّ في تقرير العقِيدة)) لخالِد المطلق (٧٢ - ٧٣)].

# گومانی یانزەیەم

دەڵێن کۆبوونەوەمان بۆ بیرخستنەوەی خەڵکییە بە ژیاننامەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا، ڕێک وەک بیرخستنەوەیە لە وتارەکانی هەینیدا بە ڕۆژی پێغەمبەرایەتی و کۆچکردن (هیجرەت)، یان وەک بیرخستنەوەیە لە حەڤدەی ڕەمەزاندا بە غەزای بەدر و ڕووداوەکانی تری ژیاننامەی پێغەمبەر؛ ئیدی بۆچی ئەمەیان حەرام دەکەن و ئەوەیان پێ حەڵاڵ و ڕەوایە؟!

ئەمەش چەواشەکارییەکی دیکەیە؛ چونکە ئەوانەی لەسەر مینبەری هەینی ڕێگە دەدەن بە بیرخستنەوەی خەڵکی بە کۆچکردن و پێغەمبەرایەتی و غەزاکان، هەر

ئەوانە ڕێگەش دەدەن بە بیرخستنەوەیان بە لەدایکبوون و کۆچی دوایی پێغەمبەر، بۆیە دەیانبینیت کە وتار لەسەر ئەمە و ئەوەش دەدەن و ئینکاریی هیچ شتێک لەمانە ناکەن، بگرە هەر لە بنەڕەتەوە ئەمە جێگەی ناکۆکی و خیلاف نییە؛ بەڵکو جێگەی ناکۆکییەکە بریتییە لە کۆبوونەوە لەپێناو ئەوەدا، و بانگەشەکردن بۆی، و دووبارەکردنەوەی لە کاتی دیاریکراودا، و ئاهەنگگێڕان بەبۆنەیەوە. لەبەر ئەوە، ئەوان (واتە ڕێگریکاران لە بیدعە) ڕێگەش بەوە نادەن کە خەڵکی لە ڕۆژی پێغەمبەرایەتی یان کۆچکردن یان غەزایەکدا هەموو ساڵێک کۆببنەوە و خوان بسازێنن و قەسیدە و پیاهەڵدان و زیکر لەپێناویدا بکەن، وە ئەو ڕۆژەش بە هیچ شتێکی تایبەت جیا ناکەنەوە. زانراویشە کە حەقدەی ڕەمەزان

هەموو ساڵێک ناکەوێتە ڕۆژی هەینییەوە؛ تاوەکو بە ئەنقەست وتار لەسەر ئەو بۆنەیە بدرێت.

هەروەها دەشڵێین: سێ ڕووداوی گەورە لە مانگی ڕەبیعولئەوەلدا ڕوویان داوە؛ لەدایکبوون (لەسەر ئەو گریمانەیەی کە ڕاستیی ئەو بەروارە قبووڵ بکەین)، و کۆچکردن، و کۆچی دوایی. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوەڵان لەم مانگەدا هیچ پەرستشێکی ئایینیی دووبارەبووەوەیان دانەهێناوە کە ئەو ڕووداوانەیان بیربخاتەوە؛ ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەیە کە ئەوان تێگەیشتبوون کەوا کامڵبوونی چاولێکەری و خۆشەویستی تەنها لە شوێنکەوتندایە. بێگومان ئەوان (ڕەزای خوایان لێ بێت) لە هەموو خەڵکی زیاتر پێغەمبەریان (صلی الله علیه وسلم) بە گەورە زانیوە و لە هەمووان زیاتر خۆشیان

ویستووە، لەگەڵ ئەم بەگەورەزانین و خۆشەویستییەشدا ئەوان (ڕەزای خوایان لێ بێت) ئاهەنگیان بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونییەوە نەگێڕاوە، و ڕۆژی کۆچکردنەکەیان نەکردووەتە جەژن، و پرسەشیان بۆ ڕۆژی کۆچی دواییەکەی (صلى الله عليه وسلم) نەگێڕاوە.

# گومانی دوانزەیەم

دەڵێن: زۆربەی زانایان ڕێگە بە ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی مەولوودەوە دەدەن، و هیچ کەسێک حەرامی نەکردووە جگە لە توندڕەوان لە شوێنکەوتووانی (ئیبن تەیمییە).

لێرەشدا سێ خاڵی گرنگ هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم گومانە:

**یەکەم:** پێوەر بۆ ڕاستی و دروستی، حەق و بەڵگەیە، نەک زۆریی ژمارە.

**دووەم:** لە سەرەتای نوسینەکەدا پێشتر ئاماژەمان پێ دا، کە زانا دێرینەکانی موسڵمانان وەک هەر چوار پێشەواکە و غەیری ئەوانیش، لە هیچ یەکێکیانەوە نەگواستراوەتەوە کە ڕێگەیان پێ دابێت یان کردبێتیان؛ ئیدی چۆن دەگوترێت: ئەمە قسە و ڕای زۆربەی زانایانە؟

**سێیەم:** ئەو ئیدیعایەی کە گوایە تەنها شوێنکەوتووانی ئیبن تەیمییە حەرامیان کردووە، ئیدیعایەکی ناڕاستە. بۆ ئەوەی بارگرانیش نەبم بۆ سەر خوێنەر، لێرەدا تەنها وتەی سێ زانا دەگوازمەوە کە فەتوای حەرامبوونیان داوە و لە قوتابخانەکەی ئیبن تەیمییەش نین.

**یەکەم:** زانای گەورە تاجُ الدِّين الفاكهانيُّ، المالكيُّ (٧٣٤هـ)؛ لە نامەکەیدا بە ناوی ((المورِد في عمَل المولِد)) (ص٢٠)دا دەڵێت: (لا أعلمُ لهذا المولِد أصلاً في كتابٍ ولا سُنَّةٍ، ولا يُنقَلُ عَمَلُه عن أحدٍ من عُلماءِ الأُمَّة، الذين هُم القُدوةُ في الدِّين، المتمسِّكونَ بآثارِ المتقدِّمين، بل هو بِدعةٌ أحْدَثها البَطَّالون... وهذا لم يأذنْ فيه الشرعُ، ولا فعَلَه الصحابةُ ولا التابِعون، ولا العُلماءُ المتديِّنون، فيما عَلِمتُ، وهذا جوابي عنه بين يَدَي اللهِ إنْ عنه سُئلتُ، ولا جائزٌ أن يكونَ مُباحًا؛ لأنَّ الابتِداعَ في الدِّين ليس مُباحًا بإجماعِ

المسلِمين) واتە: هیچ ئەصڵێك بۆ ئەم مەولوودە لە قورئان و سوننەتدا نازانم، وە لە هیچ یەکێک لە زانایانی ئوممەتیشەوە نەگواستراوەتەوە کە کردبێتیان، ئەو زانایانەی کە پێشەنگن لە ئاییندا و دەست بە شوێنەواری پێشینەکانەوە دەگرن، بەڵکو ئەمە بیدعەیەکە کە کەسانی بێکار و تەمبەڵ دایانهێناوە... وە ئەمە شتێکە شەریعەت مۆڵەتی پێ نەداوە، و بە پێی زانیاریی من نە هاوەڵان و نە تابیعین و نە زاناکان نەیانکردووە. ئەمەش وەڵامی منە لە بەردەم الله دا ئەگەر پرسیارم لێ بکرێت، وە بە هیچ شێوەیەک دروست نییە کە کارێکی ڕێگەپێدراو (موباح) بێت؛ چونکە بە کۆدەنگیی موسڵمانان داهێنان (بیدعە) لە ئاییندا ڕێگەپێدراو نییە.

**دووەم:** (ابنُ الحاجِّ الفاسِي) (٧٣٧هـ)؛ لە پەڕتووکی ((المدخل)) (٢/٣١٢)دا دەڵێت: (ئەگەر هاتوو -واتە: ئاهەنگی مەولوود- خاڵی بوو لێی -واتە: لە گوێگرتن لە مۆسیقا و سروود-، و تەنها خواردنێکی ئامادە کرد و نیەتی مەولوودی پێ هێنا، وە بانگهێشتی براکانی بۆ کرد، وە پارێزراو بوو لە هەموو ئەوانەی پێشتر باسمان کرد -واتە: لە کارە خراپ و دزێوەکان-، ئەوا تەنها بەو نیەتەی کە هەیەتی دەبێتە بیدعە؛ چونکە ئەوە زیادکردنە لە ئاییندا و لە کردەوەی پێشینەکان (سەلەف) نەبووە. وە شوێنکەوتنی پێشینەکانیش لەپێشترە، بگرە واجبترە، لەوەی نیەتێک زیاد بکات کە پێچەوانەی ڕێبازی ئەوان بێت؛ لەبەر ئەوەی ئەوان لە هەموو خەڵکی زیاتر شوێنکەوتەی سوننەتی پێغەمبەری الله (صلی الله علیه وسلم) بوون، وە زیاتر ڕێزیان لێ گرتووە و سوننەتەکانیان

(صلى الله عليه وسلم) بە گەورە زانیوە، وە ئەوان پێشەنگن لە دەستپێشخەری بۆ ئەو جۆرە کارانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هیچ یەکێکیانەوە نەگواستراوەتەوە کە نیەتی مەولوودی هێنابێت، ئێمەش شوێنکەوتەی ئەوانین؛ بۆیە ئەوەی جێگەی ئەوانی کردبێتەوە دەبێت جێگەی ئێمەش بکاتەوە... هتد).

هەروەها دەشڵێت: (هەندێکیشیان -واتە: ئەوانەی سەرقاڵن بە گێڕانی مەولوودەوە- خۆیان لەمە دەپارێزن -واتە: لە گوێگرتن لە گۆرانی و پاشکۆکانی- ئەویش بە خوێندنەوەی پەڕتووکی بوخاری و پەڕتووکەکانی دیکە؛ لەبری ئەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەرچەندە خوێندنەوەی فەرموودە لە ناوەڕۆکی خۆیدا یەکێکە لە گەورەترین پەرستشەکان و هۆکارێکی گەورەی لێکنزیکبوونەوەیە لە الله، و بەرەکەتێکی گەورە و خێرێکی زۆری تێدایە،

بەڵام ئەمە ئەوکاتەیە کە بە مەرجە شایستە و ڕووە شەرعییەکەی خۆی بکرێت، نەک بە نیەتی مەولوود. ئایا نابینیت کە نوێژکردن یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی نزیك بوونەوە لە خوای گەورە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر مرۆڤێک لە کاتێکی غەیرە شەرعیدا بیکات، ئەوا سەرکۆنە دەکرێت و بە سەرپێچیکار دادەنرێت؛ جا ئەگەر نوێژ حاڵی بەو شێوەیە بێت؛ دەبێت حاڵی کارەکانی دیکە چۆن بێت؟!).

**سێیەم:** زانای گەورە العلَّامةُ الأصوليُّ أبو إسحاقَ الشاطبيُّ (٧٩٠هـ)، کە ئەویش یەکێکە لە زانایانی مالیکی؛ لە فەتواکانیدا (ص ٢٠٣) دەڵێت: (معلومٌ أنَّ إقامةَ المولدِ على الوصفِ المعهودِ بين الناسِ بِدعةٌ مُحدَثةٌ، وكلُّ بِدعةٍ ضلالةٌ) واتە: (زانراوە کە گێڕانی مەولوود بەو شێوەیەی کە لە نێوان خەڵکیدا باوە بیدعەیەکی داهێنراوە، وە هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە).

## لە کۆتاییدا:

ڕەنگە کەسێک بڵێت: بێگومان ئەمڕۆ ئوممەت بە قۆناغێکی مەترسیداردا تێدەپەڕێت، و دوژمنان لە هەموو لایەکەوە لێی کۆبوونەتەوە و پەلاماری دەدەن، بۆیە پێویستی بە وروژاندنی بابەتانێکی لەم جۆرە نییە، کە دەبنە هۆی پەرتەوازەکردنی موسڵمانان نەک کۆکردنەوەیان!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەمەش دەڵێم: بەڵێ، ئوممەت بە مەترسییەکی گەورەدا تێدەپەڕێت، لەوانە پەلاماردانی دوژمنان، هەروەها بڵاوبوونەوەی بیدعە و گومانەکان، و تەشەنەسەندنی کارە دزێوەکان و هۆگربوون بە ئارەزووەکان؛ بۆیە لەسەر ئامۆژگاریکاران پێویستە ئامۆژگاری و هۆشداری بدەن؛ ئەویش لەپێناو پاراستنی ئوممەت، و یەکخستنی ڕیزەکانیان لەسەر

یەکخواپەرستی (تەوحید) و سوننەت. وە بێگومان ئەم ئوممەتەی کە ئەمڕۆ تاقیکراوەتەوە و تووشی بەڵا بووە، لەم کاتەدا و زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستە پێداچوونەوە بە پەیوەندیی خۆی بکات لەگەڵ پەروەردگاری، هەروەها بەو تاوانەشیدا کە بووەتە هۆی ئەوەی ئەم بەڵایەی بەسەردا بێت؛ چونکە «هیچ بەڵایەک دانەبەزیوە مەگەر بەهۆی تاوانێکەوە نەبێت»، وە پێویستە پەلە بکات لە تەوبەکردن لێی؛ لەبەر ئەوەی «هیچ بەڵایەکیش هەڵنەگیراوە مەگەر بە تەوبەکردن نەبێت». وە گەورەترین شتێکیش کە سەرپێچیی الله تعالی ی پێ کرابێت لە دوای هاوبەشدانان بۆی (شیرک)، بریتییە لە بیدعە؛ چونکە بیدعە لای ئیبلیس لە تاوان و سەرپێچیی ئاسایی خۆشەویستترە.

سەرەڕای ئەوەش: بێگومان یەکێک لەو شتانەی کە زۆرێک لە خەڵکی بەربەست دەکات لە قبووڵکردنی ڕاستی، تەنانەت ئەگەر زۆر بە ڕوونیش بۆیان ئاشکرا بێت دوای خستنەڕووی بەڵگە و ڕوونکردنەوەی دەقەکان (قورئان و سوننەت) و بەڵگە ژیرییەکان؛ بریتییە لە قورسیی وازهێنان لەو شتانەی کە ساڵانێکی زۆرە لەسەری ڕاهاتوون و بووەتە دابونەریت بۆیان، هەروەها پێیان ناخۆشە واز لەو شتانە بهێنن کە باوباپیرانیان لەسەری بوون یان پێیان ناخۆشە بە هەڵەیان بخەنەوە.

لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە بە فەزڵ و کەرەمی خۆی، حەق و ڕاستیمان وەک خۆی پێشان بدات (بە ئێمە و هەموو موسڵمانان) و توانامان پێ ببەخشێت شوێنی

بکەوین، وە باتڵ و ناڕاستیمان وەک خۆی پێشان بدات و توانامان پێ ببەخشێت لێی دوور بکەوینەوە.

وە نزا دەکەین بە نزاکەی پێغەمبەری خۆشەویست (دروودی خوای لەسەر بێت) کە دەیفەرموو:

(اللهمَّ ربَّ جَبرائيلَ ومِيكائيلَ وإسرافيلَ، فاطرَ السَّمواتِ والأرضِ، عالِمَ الغيبِ والشهادةِ، أنْتَ تحكُمُ بين عِبادكَ فيما كانوا فيه يَختلفونَ؛ اهدِنا لِمَا اختُلفَ فيه من الحقِّ بإذنك؛ إنّكَ تَهدي من تشاءُ إلى صراطٍ مستقيمٍ)

---

له بڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەكان

ba٨.org - walamakan.com

ئێره سكان بكه